بەهای لیرەی تورکی بە نزمترین ئاست دابەزی

لیرەی تورکی گەورەترین دابەزینی هەفتانەی خۆی تۆمارکرد لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 2023ــەوە، بەوپێیەی لە ماوەی پێنج ڕۆژی رابردوودا، بەهای دراوەکە بە ڕێژەی 3.8% دابەزیوە.

ئاژانسی بلومبەرگ لە ڕاپۆرتێکیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دوای دەستگیرکردنی ئەکرەم ئیمام ئۆغلو سیاسەتمەداری دیاری ئۆپۆزسیۆن کە وەبەرهێنەرانی نیگەران کردووە، بەهای لیرەی تورکی بەرەو گەورەترین دابەزینی هەفتانەی خۆی لە ماوەی نزیکەی دوو ساڵدا دەڕۆات.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە، بەهای لیرەی تورکی ئەمڕۆ هەینیدا بەڕێژەی ٠.٥% دابەزی و گەیشتە ٣٨ لیرە بە هەر دۆلارێك، بەمەش زیانەکانی لە ماوەی پێنج ڕۆژی ڕابردوودا بە ٣.٧% بەرزبووەوە، ئەمەش خراپترین ئاستە لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٣ەوە.